ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی ڕاگرتنی شەڕی غەزە شکستیهێنا



ئەمڕۆ جارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دیکە شکستیهێنا بۆ دەرکردنی بڕیارێك بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی غەزە .

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئەمریکا دەسەڵاتی ڤیتۆی خۆی بەکارهێنا بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەشنوسی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نوێدەوڵەتی کە تێیدا داوای ئاگربەست لە غەزە و چونەژورەوەی هاوکارییەکان و ئازادکردنی بارمتەکان دەکات.

هەرگان ئارتاگوس نوێنەری ئەمریکا دژی ڕەشنوسی بڕیارنامەکە وەستایەوە و ڕایگەیاند کە "ناتوانرێت ئیسرائیل و حەماس یەکسان بکرێن".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "دەبێت حەماس دەستبەجێ خۆی ڕادەست بکات و بارمتەکان ئازاد بکات، ئەمریکاش بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی بۆ کۆتاییهێنان بەم ململانێیە

ترسناکە".

لەو هەشنوسی بەیارنامەکەدا کە لە لایەن 10 ئەندامی هەبژاردراوی ئەنجومەنکی 15 ئەندامەوە داڕژراوە، داوای ئازادکردنی دەستبەجێ و بێ مەرجی سەرجەم بارمتەکانی ئیسرائیل و راگرتنی شەڕی غەزەی کردوە.